بافڵ تاڵبانی وسودانی گفتوگۆی چڕوپڕ لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەن



سەرۆکی یەکێتی لەدیدارێکدا لەگەڵ دەباشان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق گفتوگۆی چڕوپڕ لەسەر دۆسیەکانی تایبەت بەڕ عێراق و ناوچەکەڕ و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی یەکێتی، بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەڵ دەباشان پێشوازی لەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق کرد.

لەڵ دیدارێکدا کەڵ قوباد تاڵەبانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئامادەیبو، گفتوگۆی چڕوپڕ لەسەر دۆسیەکانی تایبەت بەڵ عێراق و ناوچەکەڵ و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرا و جەخت لەڵ هەوڵەکان بڵ دورخستنەوەی عیراق لەڵ کێشمەکێشمەکانی ناوچەکەڵ کرایەوە.

بافڵ جەلال تاڵەبانی و محەمەد شیاع سودانی جەختیان لەوە کردەوە، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەرەوپێشچونی بەرچاویان بەخێیەوە بینیوە و پێویستە هەوڵ بڵ چارەسەرکردنی بنەڵەتی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستور و پاراستنی بەرژەوەندیی هاونیشتمانییان بدرێت.

لەگەبونەوەکەدا هەردولا باسیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد و جەختیان لە بەڵێنەوەچونی هەڵبژاردنکی پاك و بێگەرد کردەوە.
سەرکی یەکێتی هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانی رونکردەوە و وتی، "ئامانجمانە کابینەی نوێ داواکاریی هاونیشتمانییان جێبەجێبکات و ببێتە هۆی بەهێزترکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان".

هەر لەگەبونەوەکەدا سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەرزنرخاند و بە ڕزەوە باسی لەو هەوڵانە کرد کە لە سەردەمی سەرۆك مام جەلالەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامیان هەیە بۆ دروستکردنی یەکیزی و هاوهەڵوێستی لەنێوان لایەنەکان.